# پارتی سوسیالیست لەهولەند گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هینا و سوپاسی حزب بو هەمووان....

**ئاسۆ حامدی**







لە هەڵبژاردنەکانی 22ی نۆڤەمبەری 2006 لە هۆڵەند پارتی سوسیالیست گەورەترین سەرکەتنی تۆمارکرد، لە هەلبژاردنەکانی پێشوو 9 کورسی هەبوو ئەمجارە 26 کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا. بە قەولی ڕابەری سیاسی حزب سوسیالەکان لیبرالیەکانیان بەجێ هێشت و هۆلەندا سوسیالی هەلبژارد لە جیاتی لیبرال. ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی پەرلەمانی هۆلەند باڵی سوسیالیستی لەم چەشنە ئەمەندە کورسی بەدەست بێنێ. **ئەم وێنەیەی سەرەوە سوپاسی حزبە بۆ هەموو ئەوانەی دەنگیان بە حزب داوە، شایانی باسە کوردەکانی هۆلەند زۆربەیان دەنگیان بە حزب دا.**

ئیتر حزب و هەلسوڕاویەکانی چوونە فازێکی تر، قورسایی حزب زۆر گەورەبووە و کۆمەڵگای هۆلەندی خوازیاری ژیانێکی سوسیالترن لەوەی کە هەیە، ئەم ئەرکە مێژوویە سوسیالیستەکانی هۆلەندی لە ئەستۆی خۆیان گرتووە.

شایانی باسە ئەم گەشەیەی حزب لە هەمان کات کار لە مەسەلە تیۆری و ستراتیژیەکانی حزب دەکەن جا چ بە پۆزەتیف یان نێگەتیف.

کادیرە سەرەتاکانی حزب هەست بەم گۆڕانانە دەکەن، بەڵام تا ئێستا بەرەو گەلی بوون و سوسیال بوون حزب هەنگاوی هەلگرتووە.لە هەمان کات ڕۆلی کادیرانی حزب لە ئیتحادیە کریکاریەکان و بزوتنەوە جەماوەریەکان هەروا دێ گەشە دەکات.

بە گوێرەی چاودێرەسیاسیەکان لە هۆلەند چەپ و ڕاست لە بەرامبەرکی دان و ڕەنگە لە ماوەیەکی تردا ناچاربکرێین دووبارە دەنگ بدەینەوە.

باڵی سەنتەری کریستەکان زۆرترین کورسیان هێنا بەلام ناتوانن لە گەڵ لیبرال و سێنتریستەکان یان ڕاستڕەوەکان حکومەت پێک بێنن.

ئێستا قسە لەسەر حکومەتێکی ئیئتلافی پارتی کریستەکانی دیموکرات و پارتی کار(کە سوسیال دیموکراتەکانن_لە چەشنی پارتەکانی وەکو پارتی کرێکارانی بەریتانیا و ئێس پێ دەی ئەڵمانیایە) و حزبی سوسیالیست هەیە.

بەڵام چارەنووسی حکومەتی ئیئتلاف لە مۆلەقەدایە. ئەمەش مانای گۆڕانی کۆمەلگا لە هۆلەند دەگەیەنێ.

بە گوێرەی ووتەکانی ڕاست و سێنتریستەکان و تەواوی پارتە سیاسیەکان لە هۆلەند

حزبی سۆسیالیست سەرکەوتووترین حزب هاتەدەر لەم هەلبژاردنەدا. ئەمەش سەرکەوتنی سوسیالیزمە بەسەر لیبرالیزمدا.یەکەم جارە لیبرالەکان لە گۆرەپانی سیاسی و دەسەلات دا دوورخرانەوە.ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ مێژووی سیاسی سوسیالیستەکان.

بۆ زانیاری هەمووان حزبی راستڕەو پارتی ئازادی هۆلەند کە دژی ئیسلامە کە یەکەم جارە بەڕابەری کۆنە لیبرالیەک 9 کورسی پەرلەمانی بردەوە، بەلام ئەمە لەسەر حسابی پارتە ڕاست ڕەوەکانی تر. هەروەها پارتی بۆ گیانداران 3 کورسی بردەوە.